# لە ڕێزلێنانەوە بۆ ڕێزشکاندن!

## ڕوونکردنەوەیەک لە جەمال بابان‌و کامل ژیرەوە

هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسلێمانی و هەولێر، هەنگاوێکی شارستانی و بەنرخیان نا، بەتەرخانکردنی مانگانەیەك، وەك ڕێزلێنانێك، بۆ ژمارەیەك نووسەرو هونەرمەند، کە ئەو هەنگاوە بووە جێگەی سودو شایانی سوپاس و پێزانین لەلایەن ئەو تویژە ڕۆشنبیرەوە، نەك تەنیالەڕووی ماکی (مادی)یەوە، بەڵکو زیاتر لەڕووی میناکی (مەعنەوی)یەوە.

بەڵام ئەوەی بووە جێگەی سەرسوڕمان و لەبایەخی هەنگاوەکەی کەمکردەوە، ئەوەبوو کە لەئەنجامدا دەرکەوت: لەمەشدا باشکۆیەتی و واستەو حیزبایەتی و شتی تریش!! دەوری خۆیان بینیوە! بەوەی بۆ دیاریکردنی پلەکان، ڕەچاوی توانا و ماوەی ڕاژەو بڕی بەرهەم بۆ هەندێك کراوەو بۆ هەندێك نەکراوە. هەندێکیش کە شایستەی پلەی سێیەم و چوارەمیش نین، پلەی یەکەمیان پێدراوە کە دەتوانین بەناو ئاشکرایان بکەین. ژمارەیەکیش‌کە دەبوو پلەی یەکەمیان بەرکەوێ، پلەی دووەم‌و خوارتریشیان پێدراوە. هەرچۆنیك بێت ڕێزلێنانەکە، بەوجۆرە ماوەیەك درێژەی هەبوو، کەسیش گوێی بەو جیاوازیکارییە نەدا. بەڵام دیاردەیەکە بەوەشەوە نەوەستا، ئەوەبوو لەمانگی تشرینی یەکەمی پاردا، جارێکی تریش دەستکاری پلەکان لەسلێمانی کرایەوەو لەڕیزی هەندێك نووسەرو هونەرمەند کەمکرایەوە کە ئێمەشیان تێدابووین. ئێمەش بەنووسراوێك داوامان لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و دەستەی دیاریکردنی ڕێزلێنانەکە لەسلێمانی‌کرد کە هۆی ئەوەمان بۆ ڕوونبکەنەوەو بۆچی هەر لەسەرەتاوە بەپلە دوو دانراین و ئێستاش کراینە پلە سێ؟ لەکاتێکدا کە تەمەنی ئەدەبیمان پتر لەپەنجا ساڵ و بەرهەمە ڕۆشنبیرییە چاپکراوەکانمان بەکتێب، هی یەکەممان ٣٠ کتێب و دووەممان ١٠ کتێبە، جگە لەسەدان بەرهەمی بڵاوکراوەمان لەڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتدا، سەرباری چەندین کۆڕی ڕۆشنبیری لەهۆلە گشتییەکاندا؟ لەئەنجامداو دوای چەند جارێك سەردانی وەزارەت. وەڵامەکان بەمجۆرەبوون:

١-بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری بەوەکالەت کاك شەمال عەبدولوەفا لەبەرچاوی خۆمان بەبریکاری وەزارەتی وت: ئەمان هەقیانەو بۆیان ڕاست بکەنەوە.

٢-دوو بەڕێز لەهەمان وەزارەت بەپلەی بەڕێوبەری گشتی، سەرسوڕمان‌و نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو دیاردەیەو ئەوانیش مشتێکی تریان خستە سەر خەرواری سکاڵاکەی ئێمە.

٣-بەڕێز فەرید زامدار، وەك بەرپرسێك لەو کارە، نەمانزانی بەڕاستی بوو، یا بۆ گالتە پێکردن بوو، پێی وتین ئەوە هەڵەی چاپبوو! ئێستاش دوای ئەوەی بەڵێنەکان هەر قسەی ڕووت دەرچوون، دەشێ پرسیار ئەوە بێ: بۆچی دەبێ وەزیرێك و بریکاری وەزارەتێك و دوو بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسێك، دەستەوستانبن، لەئاستی بڕیارێکی نارەوای دەستەیەکدا لەهەمان وەزارەت؟ ئەوەشی ئێمەی نیگەران کردووە: ڕێزلێنانەکە بوو بەڕێزشکاندن بۆ هەندێك و بازرگانی بۆ هەندێکیکە،کە بەقسەی یەکێك لەبەڕێوبەرە گشتییەکان، ئەوانە نەك شایستەی پلە یەك، بەڵکو شایستەی هیچ پلەیەکیش نین. ئێمەش یەکمان لەسەر ئەو مانگانە دووجار گوێبراوە نەکەوتووە، بەڵکو وەك ڕێزێك لامان باشبووە وەریگرین. بۆیە بەپێویستمان زانی بەدوای نووسینەکەی برامان کاك ئەحمەد حامید لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٠دا ، ئەم ڕوونکردنەوەیە لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوبکەینەوە سەرباری نووسینێکی پێشترمان لە(کوردستانی نوێ)دا.

لەکۆتایی ئەم ڕوونکردنەوەیەشماندا هێما بۆ هۆنراوەیەکی خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی دەکەین کە هەشتا ساڵ لەمەوپێش وتوێتی:

ئەدیب‌و زانای قەومی بەختەومر
ئازاد ئەژین‌و ناکێشن کەدمر
هەموو خاوەنی ناوونیشانن
بەمولك‌و سەروەت بەڕێزو شانن
چۆن هەڵبسووڕێن بۆیان سانایە
قسەیان فەنەو پەندەو دوعایە
ئەمن کە تەئریخنویسی کوردم
بەبرسی‌و ڕووتی‌و ڕەزیلی مردم

ئێمەش دەڵێین:

گەرچی بەبرسی‌و ڕەزیلی ناژین
وەکو ئابووری، ئاستێکی باشین
نەکۆنە بەعسی، نەکاڵتە جارین
نە ڕوومەت سیاو دەروون هەژارین
دژی گەندەڵی‌و بۆ ئەم دیاردەیە
ئەم سکاڵایە بەبێ پەردەیە
ڕووسپی، سەربەرز، بڵند ئاکارین
لەڕێزشکاندن پەست‌و بێزارین

**کامیل ژیر - جەمال بابان**
**سلێمانی ٢٠٠٦/٧/١٧**